کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-4-2007 12:31

## پێنج چەتە ڕێیان بە نەبەز گۆران گرت ... گۆران محەمەد



بە زەحمەت قسەی دەکرد، دەموو چاو و گیانی جێگەی لێدانێکی زۆری پێوە دیار بوو، نەبەز بە هەموو سەرکێشییەکانییەوە دەنگێکە مانەوەی جوانترە، ئاخر ئەو بەشێکە لە ئازارە زۆرەکانی وڵاتی ئێمە، لە راستیدا ئەو لە رەحمی ئەو ئازارانەوە لە دایك بووە و هێشتاش پێوەیان دەناڵێنێ، ئێوارەی 2007-4-3 تاقمێك چەتە بە جل و بەرگی ئاسایشەوە لە نێوان ئاسایشی بەلدە و ئوتێل دمدم لە هەولێر بە زەبری چەك و پێلەقە نەبەز گۆران بە بەرچاوی خەڵكەوە دەرفێنن، هەر لە ناو ئۆتۆمبیلەکە چاو و دەم و دەستی دەپێچنەوە و لە بن پێی خۆیانی دەنێن، دەیبەنە دەرەوەی شار و تاقمە چەتەکە کە پێنج کەسن، بە هەر هەموویان لێیدەدەن و پێی دەڵێن "ئەگەر جارێکی دیکە لە سەر بەرپرسان بنووسیت دەتکەین بە قوربانی یەك فیشەك" نەبەز کە چاو دەکاتەوە لە پشت گوندی حەسارۆك خۆی دەبینێتەوە.

دوور نییە لێدانی نەبەز بەشێك بێت لە تەسفییەی حساباتی هەندێ بەرپرس، هەڵبەت هەندێ بەرپرس لە نێوان خۆیان نەك لە نێوان ئەوان و نەبەز، لێدان یان کوشتنی نەبەز مەسجێکە پێمان دەڵێ ئێمە هێشتا بەربەرین، هێشتا مافیا دەسەڵاتی لە یاسا و حکوومەت پترە، هێشتا بەربەرییەت بە سەر زمانی گفتوگۆدا زاڵە. هێشتا نابەرپرسێکی جاهیل و پیاوکوژ دەسەڵاتی لە هەموو خوێندەوارەکانی حکوومەت پترە.

ئەگەر چەتەکان پێیان وایە بە لێدانی نەبەز دەمکوتی دەکەن زۆر سەهوون و خەیاڵیان وەك ئەوەی ناردوونی خاوە، لێرە بەدواوە نەبەز زۆرتر دەبن، لێرە بە دواوە بێزمانەکانیش زمان دەگرن. نەبەز بە هەموو سەرکێشییەکییەوە بەشێکە لە جوانییە کەمەکانی وڵاتی ئێمە، ئاخر ئەو بە رۆژی رووناك و بە ناو وێنەی خۆیەوە دەنووسێ، بەڵام ئەو جانەوەرەی شەمشەمە کوێرەکانی بۆ لێدانی نەبەز ناردووە ئێستاش و سەد ساڵی دیکە بە سەرخۆشیش ناوێرێ خۆی ئاشکرا بکات. کەواتە نەبەز بردییەوە.

نەبەز گیان لەوانەیە زۆر جار لە گەڵ شێوازی نووسینت نەبم، بەڵام چاوەکانت ماچ دەکەم، ئەو شەکەتییەی دوای لێدانەکە پێتەوە دیار بوو لەمەودوا نەك تۆ ئێمەش شانازی پێوە دەکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.